Kurdistannet کوردستان نێت

# ڕێی سەبەرزی

## ئەحمەد دەشتی



بە حەزێکی پڕی دڵی
سەربەخۆیی کوردستانم
چاوم بڕیە ئاسمانێکی شین و جوان و
ڕزگار بوونی  نیشتمانم
بۆیە هاتم بەرەو لوتکەی بەرزی چیا
هەر لە زوو ڕا پێشمەرگەبووم
لە ڕێی بەرزی ڕوگەی خۆما
سەفەرێکی زۆر درێژم کەوتە بەرو
بۆ گەیشتن بە قۆناغی حەسانەوەم
لەو ڕیبازە پیرۆزە دا کۆڵم نەدا و
هەتا ئەمڕۆش بەو ئاواتە وا مایمەوە
گشت تەمەنی لاویەتی خۆم لە ڕێ دانا و
بەهارێکی پڕ لە شادی
هەواری خۆم ئارەزوو بوو
بەڵام داخم هەتا ئەمڕۆش
ئەو بەهارەم وەدی نەکرد
ساڵهای ساڵە لەوڕێگایە چاوەڕێمە
هەوارێکی سەربخۆم بێ
هەوای پاکی کوردستانم
بە ئازادی هەڵمژم و ڕزگاریم بێ
داخم میحنەت  هاتە ڕێم و
هەرچەند هاتم بگەم بەوێ
بەو لوتکانە و ترۆپکی وێ
بە گولزارو زەنویرانی بەهاری وێ
لەو بالایە و دۆندە  بەرزە
بحەسێمەوە و بڵیم ئۆخەی
ئێستاش ئەوەی لێم دیارن
تەنیا هیوای ناو دەروون و
هەستی پاکی نەگۆڕاو و
خۆشەویستی ئازادیی و

سەربەخۆیی کوردستانمە
داخی گرانم گەردوونی دوون
کارەساتی پڕ لە شووم و
نەحسی ڕۆژی خوارو چەتوون
ڕێی غوربەت و دەربەدەری
کرد بە هاودەم  بوومە غەریب لە ماڵی خۆم

هەتا ئەمڕۆش  لەو ڕێگەیە و لەو سەفەرەم
هەروا  دەگریم ، گەلێ تەنهام
ئەم دی ساتێ بحەسێمەوە
ئەوەی کەوا بەشی بەختی ڕەشی من بوو
ئاوارەیی و گەفی خەم و ئازاران  بوو
بۆیە ئاوا دوور بوومەوە لە یاران و
هەڤالان و کەس وکارە ئازیزەکان
دوور بوومەوە لە هەواری ئازیزی خۆم
هەر مامەوە لە خەرەندی تەژی ژان و
برینانی ئەم گولخەنەی تاراوگەما
گەردوونی بەد چەپ وەرگەڕاو
هەر مامەوە لەم نامۆیی و
پڕ ئازار و دەربەدەریم
کەسێک نەبوو  تەنیا جارێ
ئەم دڵەی من بداتەوە و
لەم وەرسیە  و لەم  دوور  دوورەم
لەم تەنیاییە و لەم دۆزەخەم
ڕزگارم کاو بمباتەوە وەڵاتی خۆم
ئازارانی برینانم کەم کاتەوە و
لەم بیانیە و لەم میحنەتە
موژدەی بادەی شادی  بێنێ و
هەڵم بگرێ و بمباتەوە
زێدی خۆم و  باوانەکەم
**پێشکەشەبەهەمووئەودۆست و هەڤاڵ و یارە ئاوارانەی کە هەرگیز کوردستانی خۆیان لەیاد ناکەن**